# ئاكار: هەست و هۆش و ویژدان

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- لـە سـەرەتای ئـەو بابەتـەدا کـە قسـە لـە هەرسێک چەمکی هەست و هۆش و ویژدان دەکرێ، دوو کێشـە سـەر ئـاو دەکـەون:

**یەک:** ئەو سێ چەمکە بە شێوازێک لە شێوازەکان دەچنـە خانـەی سایکۆلۆجییەوە (زانسـتی دەروون)، ئیتـر بابەتـی ئـاکار پتـر ئاڵـۆز و بارگران دەبێ.

**دوو:** دوو ڕۆڵ بـە مـرۆڤ دەسـپێردرێ، بکـەر و بـەرکار:

لـە سـەرێکەوە خـۆی کار و کردارەکـە دەکات و دەبێـت بەبـێ تۆبـزی لێکـردن، ئازادانـە بچێتـە ژێـر بـاری ئەنجام و لێکەوتـەی کار و کردارەکانـی و ئۆباڵیـان بکێشـێ، ئەمـە لایەنـی یەکەمیانـە کـە بکـەرە. لایەنـی دووەمیـان هـەر خـۆی دەبـێ ببـێ بـە دادوەر (پێـوەر) و لەبـارەی پاڵنـەر و دەرکەوتـەی کار و کردارەکانـی بڕیـار (حوکـم) بـدات و هەڵیـان بسـەنگێنی، ئیتـر بـە هـەردوو بـاردا ئـارێ، نـارێ، چاکـە، یـان بـەد، ئەمـە دەکـرێ بەلایەنـی خودیـی پێـوەر دابنـرێ کـە لایەنـی کۆمەڵایەتـی پێـوەر و هەڵسـەنگاندن بـە هەنـد وەرناگـرێ. لـەو ڕەوشـەدا سـنووری نێـوان دڵنیابـوون و گومـان کاڵ دەبێتـەوە.

ئـەو ئەرکـە فراوانـە سـەرتاپاگیرە بەبـێ پشـت بەسـتن بـە تاقیکردنـەوە و ئەزموونـی ژیانـی ڕۆژانـە و ڕینماییەکانـی کۆمەڵگـە، سـەختە مـرۆڤ لـە جێبەجـێ کردنیـدا بەپێـی پێویسـت

سەرکەوتووبێت.

- لەو گریمانەیەدا بابەتی خواستی مرۆڤ (ئیرادە) دێتە پێشەوە، لە بەرانبەر هۆش و ویژداندا چی بۆ دەمێنێتەوە، چونکە خۆی بوونی ئازادی دەکات بە پێشمەرج، بەڵام دەکرێ باسی ڕکابەریی نێوان خواست و ویژدان بکرێت کە هەریەکەیان لە هەندێک ڕەوشدا بەلای لابەلا و جیاوازدا بیشکێنن! لەو دۆخەدا دەکرێ بە ڕاشکاوی ئاماژە بە (مەسەلەی ویژدان)ـەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف بدرێ کە لەسەر دەمی خۆی بە شێوازێکی سەرنجڕاکێشی ئەدەبی تیشکی خستووەتە سەر ئەم لایەنە!

- چەمکی ویژدان لەو چەمکانەیە کە ڕوونکردنەوە و پێناسەکردنی وا ئاسان نییە، هەندێک جار لەلایەن هەندێک ئاڕاستەی سایکۆلۆجی و زانستی ئاکارەوە کارەکتەری هێزی پاڵنەری سروشتی زگماک (غەریزە) دەدرێتە پاڵ ویژدانەوە، بەڵام ئەو هێزە پاڵنەرە سروشتییە لە خۆیدا جۆرە چالاکییەکی سەرنجڕاکێشە، بەوەدا دەردەکەوێ (دیار و دەستنیشان دەکرێ، بە سوود و قازانجی ئامانجێکی دیاریکراو دەکەوێتەوە کە هیچ کاتێک بابەتی هۆش و هۆشیاریی نییە (١).

پشت ئەستوور بە توانایی چالاکی ویژدان، مرۆڤی تاک، سەرەڕای ئەوەی دابونەریت و ڕێنماییە باوەکانی کۆمەڵگە پەسند دەکات، پابەندبوونی پێوەیان بە ئەرکی سەرشانی دادەنێ و سەرپێچی کردنی لێیان تووشی ڕەخنە و گازندە و سەرزەنشت و هەندێک جار سزای قانوونی دەبێت. دەکۆشێ خۆی لەگەڵ بنەماکانی مۆراڵیشدا بگونجێنێ و پەیڕەویان بکات، بەمەش ئاسانکاریی دەستەبەربوونی ئامانج و حەز و قازانج و سوودەکانی ژیانی بۆ دابین دەبێ، ئەمانەش لەلای خۆیانەوە بەسەرجەمی چالاکی ژیانی ویژدانی دیار و دەستنیشان دەکەن.

٢- گومان لەوەدا نییە کە هەرسێک هێز هەست، هۆش، ویژدان سەربەخۆیی خۆیانیان هەیە، بەتایبەتی لە کار و چالاکییەکانیاندا، بەڵام پێکەوە یەکەیەکی یەکڕەنگیش لێیان دەکەوێتەوە کە بریتییە لە پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی لە نێوانیاندا.

لاریش لەوە نییە کە هەندێک جار- بەلای توێژەرانەوە- ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ئاکار- دەروونەوە- هەیە جۆرە جیاوازییەک تا ڕادەی ڕکابەریی لە نێوان ئازادی (خواستی ئازاد) و ویژداندا هەست پێ دەکرێ. ویژدان پتر لە ئازادی پابەندە بە ڕێنمایی و بنەماکانی ئاکارەوە- ئەمەش بە هۆی پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگەوە. ئازادی سەرکێشی دەکات و لە سروشت پێکهاتە و (تەبیعەتیەوە) مەیلی سنوور بەزاندنی هەیە و جاروبار بەناوی ئازادییەوە هەر ئازادییەکە خۆی پێشێل دەکات! ویژدانیش بەپێی هەلومەرج و ڕەوشی لە ئارادا بوو، ئەگەر نەتوانێ بیگێڕێتەوە لەوەی کردوویەتی، گازندە و سەرزەنشتی دەکات، بەڵام ویژدان بەهیچ جۆرێک لە هۆش و هۆشیاریی ناچێتە سەنگەرەوە، مرۆڤی ژیریش هەرگیزاوهەرگیز دەستبەرداری ویژدان نابێت.

هەرکاتێکیش- لە کایەی ئاکاردا- مرۆڤ هۆشیار بوو، پاساودانی دروستی و نادروستی ئامانج و بڕیار (حوکم)دان و کار و ڕەفتار دەستەبەر دەبێ، بگرە دەبێ بە پشکێکی تەواوکاری پێداویستی گیانیی مرۆڤ، بۆیە گوتراوە داخوازییەکانی ویژدان و ناکردنەکانی بەهیچ جۆرێک لە بڕیار و هەڵسەنگاندن و چالاکی و دانایی، دانابڕێن و جیا ناکرێنەوە.

ئـەو کۆششـەی دەکـرێ بـۆ دوورخسـتنەوەی هەسـت و سـۆز و سـوود و قازانـج لـە سروشـتی ویـژدان و ژێـر ئەگـەر مایەپـووچ نەبـێ بەپێـی پێویسـت، بەختـی سـەرکەوتنی نەبـووە و نابـێ! ئـەو پرسـیارەی لـەو بارەیـەوە دەکرێ: ئەگـەر ئەو پێوەندییـە توندوتـۆڵ و دەسـتیاوییە لەنێـوان ژێـر و ویژدانـدا هەیـە، چـۆن بوونـی سـتەم و جـەور و زۆرداریـی و چەوسـاندنەوە و بـێ دادی لـە ژیـان و کۆمەڵگـەدا لێـک دەدرێتـەوە و پاسـاو دەدرێ! بەهیـچ جۆرێـک قسـەکەی سـوکراتی یۆنانـی لـە ژیانـدا نەمـاوە و خوێـن لـە شـادەمارەکانیدا وشـکایی هاتـووە: هیچـی دیکـە زانیـن چاکەکاریـی و نەزانیـن بەدکاریـی نییـە، سـتەمکار نـەزان نییـە. ئەگـەر ئەوپـەڕی زیـرەک نەبـێ!

– لـە بابەتـی پرۆسـەی ئـاکاردا ویـژدان پشـکی شـێری بەردەکـەوێ، تەنانـەت سـوکراتی یۆنانـی، ویژدانـی بەدەنگـی خواوەنـد دادەنـا کـە لـە ناخـی دەروونیـدا چـالاک و کارا و هانـدەرە، بێگومـان مەبەسـتی دەنگـی ویـژدان بـووە. ڕاسـتە هەسـت و سـۆز شـان بـە شـانی ویـژدان سروشـت و خەسـڵەتی دەروونـی ناخـی مرۆڤیـان هەیـە و بـە ئاسـانی دەسـتەمۆ نابـن، بـەڵام هەسـت و سـۆز بـە تەواوەتـی لـە ئامـراز و ئامانجـدا لـە ویـژدان جیـان و جیـاوازن.

لـە دەنگـی ویژدانـەوە – بـە قسـەی سـوکرات – ئـەوە دەکەوێتـەوە کـە مـرۆڤ دەبـێ بـە گوێـی بـکات و بـاوەڕی بـە دیـاردە و دەرکەوتـی شـت نەبـێ، دەبـێ بـەدوای گەوهـەر و ڕاسـتیدا وێـڵ بـێ. لـەو ئەرکـەدا دوو خەسـڵەتی هەیـە: فرمـان دەدات چی بکرێ و چی نەکرێ: ئـارێ و ناکردن.

٣ – ئەگـەر ویـژدان پێوەنـدی بـە ژێرییـەوە هەبـێ، هەسـت و سـۆز بـەلای خۆشـی و چێـژدا دەشـکێنن. هـەردووک لایـان بابەتـی ناخـی دەروونن و ئاسـان نییـە بـە چ پێوەرێـک هەڵبسـەنگێنرێن، یـان بڕیاریـان لـە بارەوە بدرێـت! بـەڵام دەکـرێ لـە بارەیانـەوە سـێ شـت بگوتـرێ:

**یـەک:** چێـژ سـیمبۆلێکە تەواوبوونـی کارەکـە دەگەیەنـێ. ئیتـر ئـەو کارە دەروونـی بـێ، یـان هـی لـەش، یـان پێوەنـدی نێـوان دوو مـرۆڤ بێـت. کاتێـک کارەکـە کـرا و تـەواو بـوو، چێژەکـە پەیـدا دەبـێ، بـەڵام ئـەو پەیدابوونـە مـەرج نییـە ناچاریـی (حەتمـی) بێـت. زۆر کار هەیـە دەکـرێ و چێـژی لـێ ناکەوێتـەوە.

**دوو:** چێژەکـە، بەپێـی ئـەو کاروکردارەی کـراوە و بەپێـی ئـەو ئەرکـە ئینسـانییەی جێبەجێـی کـردووە، جیـاواز دەبـێ! هەندێـک جاریـش کـە دوو کار پێکـەوە کـران، چێژەکـە کاڵ دەبێتـەوە.

**سـێ:** سروشـت و پلـە و بەهـا و خەسـتوخۆڵی چێـژ بـە پێـی ئـەو کارانـەی لەگەڵیـدان سروشـتی جیـاوازی پـێ دەبـڕێ(٢). سروشـتی مـرۆڤ (تەبیعەتەکـەی) ئـەو پێوەرەیـە کـە کردارەکانـی پـێ هەڵدەسـەنگێنرێ.

– ئایـا دەکـرێ بەختـەوەری کـە بەرزتریـن و دوا ئامانجـی کـرداری مرۆڤـە و توندوتـۆڵ بـە چاکەکارییـەوە (ڕەنـدەوە) بەنـدە، لـە خۆیـدا خـوازراوە، نـەک لەبەرئـەوەی ئامـراز بـێ بـەرەو ئامانجێکـی دیکـە، دەکـرێ لـە چێـژەوە بکەوێتـەوە و پەیـدا ببـێ؟! یـان کردارێکـی تەواوکـراوە، یـان ڕەوشـێکی دەروونییـە لـە هەلومـەرج و قۆناغێکـی دیاریکـراودا مـرۆڤ هەسـتی پـێ دەکات و پێـی دەگات؟!

– تاقیکردنـەوەی ژیانـی ڕۆژانـە بـە جۆرێکـی تایبەتـی کـە نەکرێ بەلایەکدا بخـرێ و یەکلایـی بکرێتـەوە، وەڵام دەداتـەوە! بەڵگـەش ئەوەیـە کـە سـامان و ماڵـی دنیـا، پلـە و پایـە، شـکۆ ئـەو ئامـرازە نیـن کـە ببنـە مایـەی بەختەوەربوونـی

مرۆڤ! بە هەزاران خاوەن سامان و ماڵی دنیا، کار بە دەست و خاوەن پلە، بگرە هەندێک سەرکردە و شا و ئیمپراتۆر لەو بەهرەیە بێبەش بوون! ئەگەرچی لە هیچیان کەم نەبووە!؟

- شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆجی بوو بە مایەی ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرە سروشت مێژووییەی شارستانی مۆدێرنی ئەوروپای لێ کەوتووەتەوە. ئەو گۆڕانە مەڵبەندی مرۆڤ و جۆری بیرکردنەوە و زمانی دەربڕینی گۆڕیوە.

ئەو بۆچوونەی جاران دەربارەی ژیانی بێ وەی و بەختەوەریی لە مێشک و ناخی دەروونندا هەبوو، کاڵ بووەتەوە، هیچیتر بوونی خانوو (ماڵ) و خێزان و جلوبەرگ و خۆراک ئەو بابەتانە نەماون مرۆڤ ئاواتیان بۆ بخوازێ، کەچی تاکەکەسێک نییە لەو جیهانەدا بە بەشی خۆی ڕازی بێ، بۆیە شایەرێک گوتوویەتی: کەواتا ڕەب ئەم جیهانەی بۆ کێ؟ بۆ (چ کەسێک) داهێناوە؟! ئەم ڕەوشە چۆن لێک دەدرێتەوە؟! ئایا توانایی مرۆڤ خۆی هەر ئەمەیە و هیچی دیکەی لەدەست نایەت؟ یان ئەوەی هیوا و ئاواتی لە سەر هەڵچنیوە و دەیەوێ بیگاتێ بەقسەی کانت ترانسندێنتە و سنوور بەزێنە و ناکرێ مرۆڤ بیگاتێ؟!

- خەمی مرۆڤی سەردەم لە کۆمەڵگەدا لە سێ خاڵدا بەرجەستە بووە:

**یەک:** لەچوارچێوەی نەزمی لیبرالیزمدا ئازادی مرۆڤی تاک دەستەبەر بێ و پێشێل و پێ پەست نەکرێت.

**دوو:** پاراستنی مرۆڤایەتی مرۆڤ و ڕێزلێنانی و بەئازادی بتوانێ بڕیار بدات و هەڵبژێری و بەبێ ڕەزامەندی و قەناعەت هێنانی، هیچ شتێک بە تۆبزی بەسەریدا نەسەپێنرێ و ناچار نەکرێ شتێک بکات، یان بابەتێک پەسند بدات، یان پابەند بکرێ، ئەگەر بەدڵی خۆی نەیخوازێ و ڕازی نەبێ، ئایا دەکرێ ئەم ڕەوشە بخرێتە خانەی جۆرە بەختەوەرییەکی سەردەمەوە؟!

**سێ:** هیچ کەسێک لە لێپرسینەوە و لێپێچینەوە بەدوور نییە و قوتار نابێ، ئیتر هەر پلە و پایەیەکی (دارایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی) هەبێ، ئەوجا هیچ بنەما و بیرۆکە و تیورییەک بە ڕێنماییەکانەوە پیرۆز و ڕەها نین و ئەوە هەڵدەگرن ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕاستیودروستی خۆیان لە دەست بدەن و شتێکی دیکە جێگەیان بگرێتەوە. ئەو ڕەوشە ئەگەر بە (پەرەسەندن) ناوببرێ، هۆکار و پاڵنەر و هاندەری ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە شۆڕشی زانست بووە.

٤- لەو ڕەوشە جەنجاڵ و ئاڵۆزەی سەردەمدا سێ هێز- ڕەگەز لە یەکتری جیا دەکرێنەوە (ئەوەندەی پێوەندی بە ئاکارەوە هەیە):

**یەک:** پاڵنەر، ئەمەش لە هۆش و هۆشیاریی مرۆڤی ئازاد جیا ناکرێتەوە.

**دوو:** هێزی گوشار، بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ژێر دروشمی پابەند بوون و چوونە ژێرباری بەرپرسیارێتی و ئۆباڵ کێشان لەبەرانبەر ئەوانی دیکەدا، بەسەر مرۆڤدا جێبەجێ دەکرێ.

**سێ:** بڕیار و (حوکمی) ئاکارییانە کە وەک هێز و دەسەڵاتێکی کارا و کاریگەر ڕێنمایی مرۆڤ دەکەن. ((کۆی ئەو بڕیار و (حوکمە) ئاکارییانە بیروڕای دەستەجەمعی کۆمەڵایەتییان لێ پێک دێت و بەهۆیەوە کۆمەڵگە چوارچێوە و سنووری کار و کردار و ڕەوشتی ئەندامانی ڕەنگ دەڕێژێ)) (٣) و هۆشیاریی ڕاستودروستی ئاکارییانە جێگیر دەکات، ئیتر بەو پێیە هەست دەبێ بە هۆش و هۆشیاری ئاکارییانە، جگە لەوەی کار لە ڕەوشت و کرداری مرۆڤی تاک دەکات، دەبێ بە پشکێکی تەواوکار و دانەبڕاوی

چالاکـی مرۆڤیانـە! لـەو دۆخـەدا مـرۆڤ وەک بوونەوەرێکـی ژێـر دادەنـرێ، هـەر ئـەو ژێرییـە دەستەبەری ئـازادی دەبـێ و خێوی ستەم و جەور و بێـدادی و ملهـوڕی و تۆقانـدن دەڕەوێنێتـەوە و دەرگای ڕەخنـە و بڕیـاری ئـازاد و داهێنـان و پەیڕەوکردنـی بنەماکانـی ئـاکار دەخاتـە سـەر پشـت.

دوور نییـە لێـرەدا ڕەخنەیـەک بگیـرێ: ئـەو بۆچوونـە هـەردوو کایـەی پێشـکەوتنی تەکنۆلۆجی و بنەمـا بنەڕەتییـە هزرییەکانـی ڕێبـازی زانینـی زانسـتییانە (ئیپسـتمۆلۆجی) تێکەڵـی یەکتـری دەکات، لەمـەش لاوازی و بـێ دەسـەڵاتی ئـاکاری و کاڵ بوونـەوەی سروشـتی گیانـی (ڕۆحانیەتـی) لـێ دەکەوێتـەوە؟!

- ڕاستە تەکنۆلۆجیای سـەردەم جیهانـی گۆڕیوە و کارێکـی لـە ئەنـدازە بـەدەری لە ژیـان و گوزەران و بیرکردنـەوە و پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان کـردووە، بـەڵام نەیتوانیـوە کێشـە سـەرەکییەکانی مـرۆڤ یەکلایـی بکاتـەوە، ئـەو لایەنـە نارێیـە بـە هیـچ جۆرێـک لـەو ڕۆڵـە شـۆڕش ئامێـزە کاڵ ناکاتـەوە کـە زانسـت گێڕاویەتـی و دەیگێـڕێ!

- پرسـیارێکی گریمانەیـی تەنیـا هـەر بـە مەبەسـتی توێژینـەوە و وەڵامدانـەوەی پرسـیارە سروشـت کێشـەییەکان:

ئەگـەر هـەر ئامرازێـک (ئیتـر سیاسـەت، ئاییـن، زانسـت) بتوانـێ کێشـەکانی ژیـان سـەرجەمیان چارەسـەر بکات، ئایـا ژیـان تـام و چێـژ و خۆشـی دەمێنـێ؟! ئەگـەر نەسـاغی نەبووایە، مـرۆڤ نرخ و بایەخـی لەشسـاغی دەزانـی؟! ئەوجـا ئەگەر کێشـە نەمێنـێ و پرسـیارەکان گشـتیان وەڵام بدرێنـەوە، هـۆکار و پاڵنـەری گـۆڕان و پەرەسـەندن و بـەرە و پێشـچوون نامێنـێ!! بەسـەرهات و سەرگوزشـتەی ئـادەم و حـەوای تەوراتـی مووسـا کـە لـە خۆیـدا پاسـاودانی هەندێک ڕەوشـە، ڕاسـتی ئـەم بۆچوونە پشتڕاسـت دەکاتـەوە! نابـێ ئـەوەش لەبیربچـێ، ئـەو ڕۆڵـەی تـەورات بـە ئیبلیـس (شـەیتانی) سـپاردووە، لـەم چوارچێوەیـە ناچێتـە دەرەوە. ژیانـی بـێ وەی (بـێ کێشـە) تەنیـا هـەر بۆچـوون و ئەندێشـەیە لـە ناخـی مرۆڤدایە، لـە بەرانبەریـدا هەڵکەوتێکـی لـە ئـارادا بـوو شـک نابرێـت.

- ئـەو سروشـتەی لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت (لـە سـێبەری هەژموونی هەردوو ئایینـە ئیبراهیمییەکەدا) سیمبۆلی بـەدکاری بـووە و بـە کارەسـاتی سروشـتی هەڕەشـەی بـەردەوام بـووە لەسـەر مـرۆڤ، زانسـت (تەکنۆلۆجـی) دڵـی مرۆڤـی بـەوە خـۆش کـردووە کە کۆنترۆڵـی ئـەو خێـوەی سروشـت بـکات و بـۆ سـوود و قازانـج و بەرژەوەنـدی مـرۆڤ بـەکاری بێنێـت! کەچـی بـە پێچەوانـەوە مـرۆڤ کـە خـۆی خاوەنـی پـرۆژەی کۆنترۆڵکردنـی سروشـت بـووە، بووەتـە ئامرازێکـی گـەڤ لێکـراوی ئـەو پـرۆژە تەکنیکییـە و سروشـت خۆیشـی کەوتووەتـە بـەر چەنـد هەڕەشـەیەکی مەترسـیداری تێکـدان و شـێواندن!!

- وەک سروشـت، مرۆڤیـش لەبـەردەم هەڕەشـەی پـرۆژەی کۆنترۆڵکـردن دایـە، ڕۆبۆتـەر بـووە بـە ڕکابـەری مرۆڤـی کارکـەر و پسـپۆر لـە دەزگا و دامـەزراو و کۆمپانیـا جۆربەجۆرەکانـدا! لـە هەمووی ترسـناکتر ئـەو کۆششـەیە کـە منداڵدانـی دەسـتکرد دابهێنـرێ و بەهۆیـەوە بەپێی پێویسـت و بەشـێوازی خـوازراو مـرۆڤ (منداڵـی) دەسـتکردی پـێ دابهێنـرێ!؟. لـەو ڕەوشـە گەڤ و هەڕەشـەئامێزەدا، ئایا دەکـرێ قسـە لـە بەختـەوەری بکرێـت؟! ئەگـەر مـرۆڤ جـاران کارا و چالاک و دەسـتپێشـخەر بووبێ، ئێسـتا تەقەلـلا و کۆششـی زانسـتی سـەرکەوتووانە لـە ئارادایـە بـۆ گۆڕینـی گەوهـەری مـرۆڤ و داهێنانـی مرۆڤـی خـوازراو بـەو پێیـەی دەویسـترێ! مـرۆڤ خۆیشـی بـووە بـە کەرەسـتەی توێژینـەوە؟!

کەوا بوو دەبێ ڕۆڵی ئاکار لەو ڕەوشەدا چۆن و چی بێ؟! ئایا لەبەرانبەر ئەو دەسەڵات و هەژموونە سنووربەزێنەی زانست و تەکنۆلۆجیدا، ئاکار دەتوانێ هیچ بکات و شتێک بڵێ؟!

٥- ئەمەیە ئەو هاوارەی لە فەیلەسووفی بن جووی ئەڵمان هانز یوناس هەستاوە کە باسی ئاکاری سەردەمی تەکنۆلۆجی کردووە. یوناس کۆشاوە سەرنج بۆ ڕۆڵی ئاکار ڕابکێشی بەو جۆرەی نەک ئەمڕۆ، بەڵکوو دواڕۆژ چی لێ دەکەوێتەوە؟! ئەوە بووە مەبەستی کە گوتوویەتی: ئایا دەکرێ لەوەی لە ئارادایە بنەمای ئەرک و فرمانێک بکەوێتەوە دواڕۆژ و نەوەی (٤) نوێ لەبەرچاو بگرێ؟! هەر نەبێ بەشێک لەو هەڕەشە و مەینەتانە لە دواڕۆژدا کاڵ ببنەوە؟! ئیتر دەکرێ بەم پێیە قسە لە قۆناغی دوای مرۆڤ بکرێ، چی لێ دێ و چی بەسەر دێ و چۆن دەبێ؟!

ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشی زانست و پاشەکشەکردنی کڵێسەی ئایینی مەسیحی لە ئەورووپا، چاوەڕوانی ئەوە کرابێ مرۆڤ لەو سەردەمەدا جێگەی خواوەندەکانی سەردەمی ڕابوردوو بگرێتەوە، بەسایەی هەژموونی تەکنۆلۆجییەوە کێشەی چارەنووسی مرۆڤ سەر ئاو کەوتووە و بەدەگمەن نەبێ، قسە لە بەختەوەریی ناکرێ و بارێکی گەورە دەخرێتە سەر شانی ئاکار کە لە بەرانبەر ئەو ڕەوشەدا بەجۆرێک لە جۆرەکان داماوانە ڕۆڵی سەرنجدان و چاودێری کردنی هەڵبژاردووە، بۆیە هزرمەندان گەیشتوونەتە ئەو ڕاوبۆچوونەی کە دەبێ بنەماکانی ئاکار بەگیانی سەردەم و پشت ئەستوور بە ئۆباڵکێشان و بەرپرسیارێتی دابڕێژرێنەوە. نابێ لە پێناوی ژیانی ئێستا و ئەمڕۆدا قوربانی بە دواڕۆژ بدرێ! کەوابوو بەرپرسێتی بەرانبەر دواڕۆژ و نەوەی نوێ، سروشتی بنەماکانی ئاکار بەوە دیار و دەستنیشان دەکات کە ئاکارێک بێ ئۆباڵی دواڕۆژ و چارەنووسی نەوەی نوێ (دواڕۆژ) بگرێتە ئەستۆ!

- ئۆباڵکێشان و چوونە ژێرباری ئەنجامی کاروکردار (بەرپرسیاریەتی) کێشەیەکی سەرەکی ئاکاری سەردەمە و لەگەڵ گیانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی مۆدێرندا دێتەوە. ئەو بابەتە دەکرێ بەو جۆرە پۆلێن بکرێت:

**یەک:** مرۆڤێک کارێک دەکات ئەنجامەکەی دەکەوێتە ئەستۆی.

**دوو:** دەبێ ئەو کەسەی کارەکەی کردووە ڕەزامەندانە و بەئازادی و بەبێ هچ گوشار و تۆبزییەک ئۆباڵەکەی بکێشێ.

**سێ:** بکەر کە کارەکەی کردووە، لەوە هۆشیار بێ کە ئەنجامەکەی ئۆباڵکێشانی بەدوادا دێت (٥)!

ئەو سێ خاڵە ئەگەر لە ڕوخسار و جۆری دارشتندا جۆرە سەربەخۆیی و جیاوازییەک نیشان بدەن لە ناوەڕۆکدا و ئەم مەبەستەی لە سەریان هەڵچنراوە، پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە:

کردارێک بە ئازادی کراوە و هیچ جۆرە تۆبزییەکی تێدا نەبووە، ئەوجا بکەر مەبەستی تایبەتی دیاری هەبووە، لە قۆناغێکی دواتردا ئەنجامێکی لێ کەوتووەتەوە کە بکەرەکە بەجۆرێک لە جۆرەکان ملکەچی پابەندبوون و چوونە ژێربار و ئۆباڵکێشان دەکات!

- ئۆباڵکێشانەکە لە دوو خاڵەوە کەوتووەتەوە:

**یەک:** کارێک کە کراوە بە ئازادی.

**دوو:** ئەنجامێک کە بەناچاریی لەو کارە کەوتووەتەوە، بەڵام جۆرە تەمومژاوییەک لە بابەتەکەدا هەر دەمێنێ: ئایا سروشتی کارەکە و مەبەست و نیازی بکەر چ ڕۆڵێک دەگێڕن؟!

لەکاتی تاووتوکردنی ئەو بابەتەدا، چەمکی چارەنووسی (ئایینی) و ناچاریی (حەتمییەت - دیترمەینزمی) سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی،

فەلسەفە دێنە ئاراوە، ئەم دووانە چۆن دەکرێ لەگەڵ ئازادی مرۆڤ کە کارەکەی کردووە، بێنەوە و بگونجێن؟! ئایا ئەم پرسیارە لە خۆیدا پتر سروشتی تیوری نییە کە لە مێشکدا دەوروژێ و بەنیازی لێکۆڵینەوە پێی لەسەر دادەگیرێ؟!

٦- وە نەبێ چەمکی هۆکار و ئەنجام (بنەمای هۆیەکی) لەبەرانبەر ڕەوشی ئازادیدا کارا و چالاک نەبێ. لەسەردەمی (کانت)ەوە دوو جۆر بنەمای هۆیەکی لە یەکتری جیا دەکرێنەوە:

- هۆکار و ئەنجام لە شت خۆیدا (نۆمین) کە بەلای (کانت)ەوە پەی پێ بردنی ئەو جیهانە ئەستەمە.

- هۆکار و ئەنجام لە جیهانی سروشتدا (دیاردە، فینۆمین)، دەکرێ ئەمەیان قسەی لێ بکرێت.

کێشەکە لەو ڕەوشەدا ئەو ڕوخسارەی پێ دەبڕێ کە ئایا ئازادی، یان کردارێک بە خواستی ئازادکرابێ، بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای ناچاریی و چارەنووس، دەکرێ وا دابنرێ کە گشت هۆکارێک بەدەر دەگیرێ؟! ئەگەر قسەکەی دیڤید هیوم پەسەند بکرێت کە گوایە ناچاریی شتێک نییە لە سروشتدا بێت، بەڵکوو پێکهاتەیەکی نێو مێشکی مرۆڤە و ژێر لە چالاکییەکانیدا پەنای بۆ دەبات، ئەوە هەر کێشەکە یەکلایی ناکرێتەوە! خۆ ئەگەر مێشکی مرۆڤ وەک ئەندازیارێک چالاک بێ و بخوازێ ڕێکوپێکی بخاتە نێو سروشتەوە، چەمکی ناچاریش لەو کێشەیەدا ئامرازبێ، ناکرێ هیچ شتێک بەبێ هۆکار ڕووبدات، کەواتە لەگەڵ هەبوونی هۆکار چ ڕۆڵێک بۆ ئازادی دەمێنێتەوە؟! ئەوجا بە چ قانوونێک مرۆڤ لەسەر ئەنجامی کارەکەی لێی دەپێچرێتەوە؟ ئایا دەکرێ ئازادی بەجۆرێکی تر شرۆڤە بکرێ و لێک بدرێتەوە کە لەگەڵ بوونی کارای هۆکاردا بگونجێ و بێتەوە؟! بۆ نموونە دەکرێ بگوترێ- لە جیاتی چەمکی ئازادی و سەربەستی- بگوترێ: بڕیاری خواست (ئیرادە)!. بەهیچ جۆرێک ژیر و دانایی و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە پەسەندی ناکەن بڕیاری ئازادی خواست بەبێ هۆکار بدرێت! لەچوار چێوەی ئاکاردا ئەنجامی کار و کردار (پۆزەتیڤ- نێگەتیڤ) ئارێ- نارێ (بۆ نموونە پەشیمانی) لە هەڵسەنگاندندا بەهای پێ دەبەخشرێ، ئەو بەهایە لە بەرانبەر پاداشت و سەرزەنشت دادەنرێ و لە ئەنجامی کرداری بکەرەوە دەکەوێتەوە، هەر ئەو بەهایە خۆی دەکرێ بە هۆکاری کار و کردارەکە دابنرێ. کە بە هەردوو ڕەهەندیەوە ئارێ- نارێ خواست و مەبەست و بڕیاری بکەرەکە بەرجەستە دەکات (٦).

دوور نییە لێرەدا بگوترێ، مرۆڤ جاروبار کاروکردارێک دەکات و ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لە دڵی بکەردا هیچ جۆرە بەهایەک، یان پەشیمانییەک بوونی نەبووە! ئەو بۆچوونە پەسەند نییە، چونکە ئەگەر بەهاکان نەمێنن و بوونیان نەبێ، ناکرێ قسە لە پابەندبوون و ئۆباڵکێشان و چوونە ژێرباری بەرپرسیارێتی بکرێت، ئیتر ئەرک و فرمانیش نیشانەی پرسیاریان لەبەردەمدا قووت دەبێتەوە.

- چۆن دەکرێ ئازادی خواست بەجۆرێکی دیکە شرۆڤە بکرێ و لێک بدرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ چارەنووس و (قەدەر) و بنەمای ناچاریدا (حەتمیەت) بێتەوە.

من بەشبەحاڵی خۆم دەڵێم کە شتێک بوونی نییە پێی بگوترێ خواستی ئازاد. ئەم چەمکە هەرسێک ئایینە ئیبراهیمییەکە (جوولەکە،

عیسـایی، ئیسـلام) دایانهێنـاوه بـۆ پاسـاودانی ڕەوشـێکی خـوازراوی گریمانەکـراو و گەیشـتنە مەبەسـت و ئامانجێـک کـە پێشـیيانە ڕەنگـی بـۆ ڕێـژراوە.

مـرۆڤ لـە جیهانێکدا ژیـان بەسـەر دەبـات کـە پابەنـدە بـە نەزمێـک بنجوبناوانەکـەی بنەمـای هۆیەکییە. هەرچی هەیە و نییە، هەرچی ڕوودەدات و دەقەومـێ و سـەر ئـاو دەکـەوێ، ئەنجامێکـە لـە هۆکارێکـی دیاریکـراوەوە کەوتووەتـەوە. هیـچ جۆرە خواسـتێکی ئـازاد، بڕیـار، کرداری ئـازاد لـە ژیـان و جیهانـدا کـە تانوپۆکـەی سیسـتم و نەزمـی پێوەنـدی هـۆکار و ئەنجامـە، نـە لـە تواناییدایـە و نـە لـە کـردن دێـت. چ شـتێک بەبـێ هـۆکار و پاڵنـەر دێتـە ئـاراوە؟! هەمـوو بڕیارێکـی خواسـت (ئیـرادە) سـنووری قەومـان و ڕووداو نابەزێنـێ، ئەمـەش ئەنجـام و هـۆکاری دیاریکـراوی هەیـە. لێـرەوە دەکـرێ ئـازادی بـەو جـۆرە پێناسـە بکرێـت:

- ئـازادی لـە خۆیـدا نەبوونـی هـۆکار و پاڵنـەر ناگەیەنـێ، بەڵکوو بریتییـە لـە بڕیـار و کردارێـک کـە بکـەر لـە کردنیانـدا پابەنـدی هیـچ جـۆرە کارکردەیەکـی دەرەکـی نییـە، کەوابـوو ئـازادی سـەربەخۆییەکی ئەندێشـە و خەیـاڵ نییـە، کەوابوو جارێکـی دیکـە پشـکی ئـاکار چـی دەبـێ؟!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1-Dr.Prof. Harald Hoeffding: Ethik. Leipzig 1992. 3.Auflage. S. 70. ff.

٢- الدكتور نجيب بلدي: مراحل الفكر الأخلاقي، دار المعـارف بمصـر، القاهـرة، ١٩٦٢، ص٢٢-٢٣ وفي اماكن أخرى.

٣- د. محمـود سـيد احمـد: دلتـاي وفلسـفة الحياة، دار التنوير، بيروت، ٢٠٠٨، ص١٠٢ وفي مواقـع مختلفـة.

4-Hans Jonas: Das Prinzip Verantwortung st 1085 Frankfurt am Main 1984. S92.

5-Roman Ingarden: Ueber die Verantwortung Reclam. Stuttgart 170. S. 5.

6-Roman Ingarden:-Ebenda. S. 36. ff.

7-Roman Ingarden:-Ebenda. S. 100 ff.